لەپەراوێزی ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لەنێوان (پارتی و یەکێتی )دا:

# پرسیێك، کەچەندین وڵامی دەوێ؟

نوسینی :تەها سلێمان
tahasleman17@yahoo.com

لە2006/1/21 ، دوای گفت و گۆو دانیشتن گەلێکی زۆر کە لەژمارە نایەن، پارتی و یەکێتی بڕیاریان دا هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی یەك بخەنەوە ، ئەم هەنگاوە بەهەموو ماناو لێکدانەوەیەك گرنگی و قوورسایی خۆی لەسەر کایەجیاجیاکانی دۆزی کوردی و ئاراستە جۆراو جۆرەکانی هەیە و دەبێ. بەدیوەکەی تردا دەبوو پارتی و یەکێتی زووترو لەکاتی خۆیدا ئەم ڕێکەوتن و یەکگرتنەوەیان ڕابگەیاندایە و لەئاسۆی بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆیانەوە ، نەیانڕوانیبایەتە پێویستی یەکخستنەوەی نێومالّی کووردی و لەتکردنی حکومەتی پێشووی هەرێمی کوردستان بۆدوو ئیدارەو دوولەتی ناجۆرو ناسرووشتی . وەك وتیشم لەسەرەتادا ، هەنگاوی یەکگرتنەوەوبڕیار لەسەردانی لەکۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی 2006/1/21 پەرلەمانی کوردستاندا، گرنگ بوو. هاوکات قورسایی و کاریگەری خۆی دەبێ، بەلاّم نهێنی و بابەتە شاراوەکانی پشت ئەم ڕێککەوتنە چین و چۆن دەتوانرێ ولاّم بدرێنەوە ؟ ئەمەش تەنها ئەو پرسیارەیە ئەز دەمەوێ ئیشی لەسەر بکەم و خووردی بکەمەوە.

پێشم وایە ئەم پرسیارە ناوەڕۆکی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی دیاری دەکا، چونکە بەخوێندنەوەیەکی خێراو کورتی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولا ئەوەت بۆ ساغ دەبێتەوە کە پایەو پنتەکانی ڕێککەوتنەکە لەسەربنەڕەتی پێویستی دۆخی کوردی بەسەرجەم کایەجیاجیاکانیەوە بەپلەی یەك ڕانەوەستاوە، بەقەد ئەوەی لەگۆشەنیگای سەنگی بەرژەوەندییەکانی هەردوولاوە تەماشای مەسەلەکان کراوەو بڕیاریان لەبارەوە دراوە یاخود لەسەریان ڕێککەوتوون. بۆنموونە پێش ئەوەی پرۆژەی ڕێککەوتنە بخرێتە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمانیش بڕیاری پێکهێنانی حکومەت بدات ، هەیکەلی حکومەتی ساڵی( 2007) دیاری کراوەو یەکلا کراوەتەوە . ئەمە ئەگەر نەبوونی متمانە نەبێت لەنێوان هەردوولادا هیچی تر ناگەیەنێ، بەدیوەکەی تریشدا پەرلەمان وە دەزگایەکی گرنگ وهەستیاری ولاّت لەئەرك و دەسلاّتەکانی خۆی دادەماڵێ و لەنرخ و پێگەی ئەو لەبڕیارە گرنگ و چارەنووس سازەکان کەم دەکاتەوە. چونکە ئەگەر دروست دەمانەوێ پەرلەمان بکەینە دەگایەکی نیشتمانی هەستیارو شوێن و جێگای یەکلاکردنەوەی گرفت و ململانێ کان ئەوادەبوو خودی پەرلەمان نەك لەشێوەی دەست هەڵبڕینی ناحاڵیانە بەڵکو بەگفت و گۆو هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ئەو ڕێککەوتنەی ڕابگەیاندایەو گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێککەوتنەکەی دیاری بکردایە تالە داهاتوو بیتوانیبایە ڕووبەڕوویان بوایەتەوە.

من بۆخۆم زۆرم سەیرلێ دێت کەهێشتا ئەو یەکخستنەوە ئیدارییەیی کەبڕیارە پێك بێت و کات و فرسەتی زۆری لێبردین ، بەتەواوی پێك نەهاتبێت و جۆرەها گرفت و کێشەی حزبی و کێشەی بەرژەوەندی کادێری دەست ڕۆیشتووی ناوحزبی لەبەردەم بێت، کەچی بڕیار لەسەر پایەو شوێنی ئیداری حکومەتی داهاتوو(2007) بدرێ؟ ئاخر تۆیەك نەزانی ئەم حکومەتەی بەپێی ڕێککەوتنێك سەرقاڵی پێکهێنانیت ، سەرکەوتوو دەبێت یاخوود نا؟ تۆیەك دڵنیانەبیت لەوەی بەرامبەرەکەت متمانەی پێتە یاخوود نە، چۆن دەتوانی هەیکەلی ئیداری حکومەتی داهاتوو دابنەی؟ ئاخرکێ دەڵێ لەهەڵبژاردنی دادێ هەریەك لەئێوەی ئیستا دەسلاّتدار زۆرینەی ڕەها دەبەنەوە و دەتوانن حکومەت پێك بێنن ؟ بەلای منەوە بابەتێك کەگرنتی سەرکەوتنی پارتی و یەکێتی بێت لەهەڵبژاردنی دادێدا، ئیشکردنە لە قا یمکردنی پایەکانی حکومەتی چاوەڕوانکراوی ئەمڕۆ، پێش هەمووشت پرۆژەی خزمەتەکانی بۆچین و توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگا. کەمن بۆخۆم تەواو بەگوومانم لەم مەسەلەیە، بۆ؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کەمن دەمەوێ بیکەم و ولاّمەکەی خوورد بکەمەوە ، قەناعەتیشم وایە ئیشکردن لەبەرخوورد کردنی ولاّمی ئەم پرسیارە هێند ئاسان نیە، بەلاّم مانای ئەوە نیە لەبەردەمیدا هەڵبێین و هیچ نەڵێین، بۆیە هەوڵ دەدەم نەخێ بەووردی قسەی لەسەر بکەم.

لەنێوان پارتی و یەکێتی دا ، دەمێك ساڵە گرفتی متمانە هەیە. ڕوونتر نەبوونی متمانە لەنێوان هەردوولادا گەورەترین گرفت و کێشە بووە کەلە ڕابردوودا و تاسەرئێسقان زیانی کوشندەی بەکۆمەڵگای کوردی گەیاندوە. بەهەمووپێوانەیەکیش نەبوونی متمانە لەنێوان هەردوولادا، هۆکارەکەی تەنها بۆ ئەمڕۆ یان بۆ سالاّنی دوای ڕاپەڕین ناگەڕێتەوە، بەڵکو گرفت و کێشە یان نەبوونی متمانە لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە ململانێی ناسروشتی و یەکتربڕی نابابەتیانەی نێوان هەردوولا لەئەزەلی دروستبوونیانەوە . دەتوانین بێژین ئەم گرێ و قەیرانە کوشندەیە شۆڕبوەتەوە بۆ نێو کۆنەستی سەرجەم تاکەکانی هەردوو حزب و تەنانەت چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش تەواو دەرك بەم ڕاستیە دەکەن و بگرە ئەوانیش بێمتمانەن بەگووتارو پرۆژەکانی هەردوولایان ، بەتایبەت پرۆژەی ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردووئیدارەی هەرێمی کوردستان ، بائەمە زیاتر ڕوون کەینەوە ، چۆن؟سیاسەتێك کەپارتی و یەکێتی وەك دووحزبی دەسلاّتدار چ لەشاخ و چ لەشار هەمیشە لەچوار چێوەی ترس و تۆقاندندا مامەڵەیەیان لەگەڵ بابەتە جوراو جۆرەکانی گۆڕەپانی کۆمەڵگای کوردی کردوە، بەتایبەت ئیش کردن لە چاندنی ترس لەکۆنەستی تاکەکانی

کۆمەڵگادا، بێجگە لەمەش بەردەوام خوێندنەوەیەکی خراپ و ناتەندروستیان بۆ سەرجەم ڕووداوەکان هەبوەو نەیانتونیوە ببنە جێ متمانەی خەڵك بەو ئاست و ئاراستەیەیی کەبۆ کۆمەڵگای کووردی پێویست و گرنگ بوە، ئەم بێمتمانەییە لەنێوان خەڵك و هەردوو حزب و پڕۆژەکانیاندا تائەوڕادەیە کاریگەری درووست کردوە کە خەڵکی لەچین و توێژەکان پێیان وابێ لەسایەیی هەردووحزبی دەسلاًتدارو سیاسەت و هەڵس و کەوتە ناسیاسی و ناسرووشتی یەکانیاندا، نەك نەمانتوانی کلتووری بەعس تێك بشکێنین بەڵکو بەشێوەیەك لەشێوەکان کلتووری بەعس و سیاسەتە زیانبەخشەکانی دووبارەو تەوزیف کراونەتەوە . واتە یەکێك لەئەرکە هەرەگرنگ و پێویستەکانی هەردوولا بۆ ڕێخۆشکردن لەبەردەم پڕۆژەی ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی ئیدارەدا، دروستکردنی پردی متمانەیە لەنێوان هەردوولادا ، یان ڕوونتر دەستبەرداربوونە لەو ڕێ وشوێن و سیاسەتانەی کەبوون بەهۆکاری درووستبوونی بێمتمانەیی لەو ئاستە فراوانەی کەدەیبینین . ئەگەر بمانەوێ بابەتیانە تر قسەبکەین دەبێ بێژین نەبوونی پردی متمانە لەنێوان پارتی و یەکێتی دا کۆی خۆشخەیاڵیەکان بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی لەبەردەم پێشهات و ڕووداوەکاندا ، دەداتەدواوە و کۆمەڵگا زیاتر بەرەو داهێزران و داڕووخان دەبات. کەواتە کێشەی ڕێککەوتن و یەکگلرتنەوەی هەردوو ئیدارە زۆر لەوە گەورەترە کەبەشێوەیەکی سادەو بڕیاری فەوقی بەڕێوەبچێ و یەکلاببێتەوە، ڕاستە بڕیاری سەرەوە پێویستە بەلاًم لەوە پێویسترو گرنگتر ئەوەیە کەهەردوولا بەبەرنامەڕێژییەکی تۆکمە ، دوای خوێندنەوەو خووردکردنەوەی سەرجەم پێکهاتەی حزبەکانیان ، ئیش بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ڕێککەوتن بکەن . چونکە نابێ هەردوولایەنی دەسلاًتدار ئەو ڕاستیە لەبیر بکەن کە نەك تەنیا خەڵی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەڵکو بەشێکی زۆر لەئەندام و لایەنگرو هێزی جەماوەری خودی خۆشیان ، بەقسەو ڕەخنەو هاوکات ناڕازییە لەپارتی و یەکێتی ، بەڵکوخودی ئەوخەڵکەی خۆشیان بڕوادارنیە بەڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردووئیدارە لەدۆخی بێمتمانەیی نێوان هەردوولایاندا، کەواتە لەبەرامبەردا خەڵکی دەرەوەی هەردووحزبی دەسلاًتدار مافی بەگوومانبوونی تەواوی هەیە لەپڕۆژەی ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردووئیدارە، تائەوکاتەی هەردوو ئەم حزبە بەردەوامبن لەسەر ئەم سیاسەتەیان.

لەکۆتایی دا دەمەوێ بڵێم ئەم بابەتەی کەزۆر بەکورتی لێی دوام ، هەڵدەگرێ زۆرتری لەسەر بوەترێ و زیاتر لایەنە جۆراو جۆرەکانی شی بکرێتەوە. پێشم وایە چەند زیاتر ئەم مەسەلەیە بەرخوورد بکرێ و خوێندنەوەی بابەتیانەی بۆ بکرێ ، ئەوەندە زیاتر دەتوانین پرۆسەی‌ەی ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی هەردووئیدارە لەنێوان پارتی و یەکێتی و قۆزاخە تەنگەکەی بێنیینە دەرو بەئاراستەی دروست بەڕێخەین. بەپێچەوانەشەوە لەدۆخی ئێستازیاتر زەرەرمەند دەبین و ناتوانین هەنگاوێك بچینە پێشەوە.

www.dengekan.com
27/01/2006